# ڕاگەیاندنی دامەزراندنی

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

لە رێگای ئەم بەیانامەیەوە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق ڕادەگەیەنین.

حزبی کۆمۆنستی کریکاری چەپی عێراق ، حزبێکی نێونەتەوەیی مارکسستیی‌یە ، ئامانجی ریکخستنی شۆرشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سۆشیالزمە.

ئەم حزبە سەر بە بزووتنەوەی کۆمۆنزمی کرێکاریی‌یە، و رایدەگەیەنیت بەرنامەی "یەك دنیای باشتر " بەرنامەی ئەوە .

ئەم حزبە لە پێناو دنیایەکی باشتر کە دووربێ لە چەوسانەوە و کۆیلایەتی و سوکایەتی کردن بە ئینسان خەبات دەکات. تێکۆشانی ئەم حزبە بۆ دامەزراندنی دەسبەجێی سوشیالزمە ، بە مانای لە ناو بردنی کاری کرێگرتەو خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە رێگای شۆرشی کۆمەڵایەتی‌یەوە.ئەمە تایبەتمەندی بنچینەیی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری‌یە. حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق باوەری بەوەیە کە کۆمۆنزم بزووتنەوەیەکی زندوو و هەوڵ و خەباتێکی ئۆبژەکتیڤانەی نا چینی کرێکاری عێراق و جیهانە .ئەم حزبە خەبات دەکات بۆ رێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی عێراق لە پێناو بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەڵایەتی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و راگەیاندنی دەسبەجێی کۆماری سۆشیالستی .

ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵیك لەو ژن و پیاوە کۆمنستانەوە دروست بووە کە لەو باوەرەدان ڕابەری ئێستای حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق دەست بەرەداری سوونەتە شۆرشگێرو سۆشیالستیەکانی کۆمۆنزمی کرێکاری بووە، کە لەلایەن منصور حکمت دامەزرێنەری بزووتنەوەکەوە داڕژراوە.

ئەمە تەوەرەی جیاوازی ئێمە، حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق و حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراق پێکدەهێنێت . رابەری حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق پەیوەست بوو بە باڵی راستڕەوی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنستی وە ئەوەی ناوزەد دەکرێت بە "حکمەتیست " ، کە لە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێران جیابووەوە .

ڕاستڕەوی ئەم ڕەوتە لە میانەی تێزە سیاسیەکانی‌یەوە کە دەست هەڵگرتنە لە دوو مەسەلەی بنەڕەتی ، شۆرش و سۆشیالیزم، ئاشکرا و ڕوونە. بەیانی‌یەی دامەزراندنی حزبی ناوزەد کراو بە "حکمەتیست "رەتی شۆرشی سۆشیالستی دەکاتەوە و دوای دەخات بۆ دوای بە دەستەوە گرتنی

دەسەلاتی سیاسی! وەك خۆیان دەڵێن سۆشیالیزم مەسەلەیەکی هەنووکەیی نىیە و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت چونکە جەماوەر سەمپاتی بۆی نىیە .

ئەم باڵە ڕاستڕەوە شۆڕش وەك تاکە شێوەی نمونەیی و پراتیکی بۆ لە ناو بردنی دەوڵەتی بۆرژوازی ڕەتدەکاتەوە . شۆڕش لە لای ئەوان کارێکی توندوتیژیە و پێویستە بگۆڕێت بە شێوازی مەدەنیانە وەك یاخی بوونی مەدەنی ، دیبلۆملسیەت ، بەدەست هێنانی توافقاتی سیاسی ، گفتوگۆکردن لەگەڵ بورژوازی بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی. ئەم تێزانە بە روونی لە لایەن باڵی ڕاستەوە لە پرۆسەی پلیمیکە دەروونییەکانی ناو حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێران دا ڕاگەینراوە .سەرباری ئەمانە ئەم باڵە بەیاننامەیەکی دەرکردووە بەناوی ( بەیاننامەی 21 ئەندام ) کە بە ئاشکرا هەستی دژی کۆمۆنستی تێدا بەرجەستە بووە، ڕابەری حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق پشتگیری تەواوی لەم بەاننامە دژی کۆمۆنستییە کردووە .

ئەگەر سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق بە شێوەیەکی ڕیکخراو و جێکەوتە لە چوارچێوەی باڵی راستدا لە عێراق پیادە بکرێت، ئەوە بەدەر لە ئیرادەو ویستی لایەنگرانی، ئەبیتە ریگر لەبەردەم تەحقیقی شۆرشی سۆشیالستی لە عێراق دا، ئەمە ئیشارەتێکی خەتەرناکە کە ئەو ڕابەریە بنەمای کۆمەڵایەتی کۆمۆنزمی کرێکاری دەکاتە قوربانی ، و لە ئایندەشدا ڕوو بەڕووی خەتەری زۆر گەورە تری دەکاتەوە .

حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق بانگەوازی کۆمەلانی خەلکی عێراق ، کرێکارن، گشت ئازادیخوازان و یەکسانی خوازان دەکات بۆ پەوەست بوون بە ریزەکانییەوە .

## بژی سۆشیالیزم

## بژی چینی کرێکار

## بژی منصور حکمت

### دامەزرێنەرانی حزب:

ئازاد حمە کریم ، بژار شاعیر ، بهار عمر ، بێگەرد وهاب ، جلیل شەهباز ، حسن گومبی ، حمید خلف البصری ، خبات مجید ، خیاڵ ئیبراهیم ،دڵسۆز نوری ، ستار حمە علی ( ستاری چیمەنتۆ ) ، سردار عبدالله(هەڵەبجەیی) ، سەرگوڵ ئەحمد ، سویلە حسن ، سیاوش مودەرسی ، صباح ئیبراهیم ، عصام شکری ، علی جوادی ، فاتح بهرامی ، کاوە عمر ، ماریا گومبی ، محسن ئیبراهیمی ، محمد ئاسنگران ، مریم جمیل ، مستفا عەرەب ، نوزاد خالد، نورالدین عبدالقادر

دامەزرێنەرانی حزب لە سەر ئەوە رێکەوتن ئەم هاورێیانەی کە لە خوارەوە ناوییان دێت "هەیئەتی تەنفیزی" پیك دەهێنن و ئەرکی دامەزراندنی حزب و ئورگانەکانی تا بەستنی کونفرانس لە ئەستۆیانە .

**هەیئەتی تەنفیزی:**

**ئازاد حمە کریم ، بژاری شاعر ، جلیل شەهباز ، حسن گومبی ، خبات مجید ، خیاڵ ئیبراهیم ، ستار حمە علی(ستاری چمەنتۆ) ، سردار عبداللە (هەڵبجەیی) ، سمیر نوری ، سیاوش مودەرسی ، صباح ئیبراهیم ، عصام شکری ، علی جوادی ، فاتح بەهرامی ، کاوە عمر ، محسن ئیبراهیمی ، محمد ئاسنگران ، مریم جمیل**

17 تشرینی یەکەم 2004